کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 21:53 12-12-2007

## پرۆسەی بەدەزگاییکردن لە هەرێمی کوردستان لە پەراوێزی پێشنیاری سەرۆکی کوردستان بۆ مەسەلەی بە مووئەسەساتکردنی داموودەزگاکانی کوردستان ... خەسرۆ پیربال

پێشەکی

پرسی بەدەزگاییکردنی دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان وەکو پرۆژەیەك بۆ یەکەمجار لەلایەن



سەرۆکی کوردستانەوە باسی لێوە کراو و لەچەندین بۆنەی جیاجیاوە، وەکوو پێویستیەکی گرینگ باسی لێوەکردووە، وەکوو پێویستیەك و بنەمایەکی زانستی – ئابووری ئەزموونی خۆبەڕێوەبردنی کوردستان لەلایان سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ڕاگەیەنراوە.

پێناسەی سیستەمی بەدەزگاییبوون (النظام الموسسات) :/

بریتیە لە کۆمەڵێك لە پەیوەندی و ڕێکخستنی بەیەکەوە بەستراو بەمەبەستی بەدیهێنانی چەند ئامانج و مەبەستی گشتی یان تایبەتی دیاریکراو کە لەسەر بنەماییەکی یاسایی لی دەردەکەوێت بەتێپەڕبوونی زەمەن، لەچوارچێوەی (تەفاعولکردنی) لەیەککارتێکردن لە نێوان پێکهاتە تێکەڵبووەکان بۆ ئەوەی ببێتە چەند شێوازێکی دیاریکراوی ڕەفتار (سلوکیات) .

پاش جۆرێك لە سەقامگیری سیاسی - ئابووری لە هەرێمدا، تا ئاستێك، پرسی بەموئەسەساتکردن کەوتۆتە ناو نووسین و لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەنووسیدا. وەك هەر کۆمەڵگایەکی تر، لە کوردستانیشدا، مەسەلەی گەندەڵی و تەمبەڵی و بێکاری و کێشە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ گۆڕانکارییە نێودەوڵەتییەکاندا پەرەی سەندووە، بەداخەوە کۆمەڵگەی کوردستانیش تووشی هەمان کێشەو قەیران هاتووە.

بەدەزگاییکردن پرۆسەیەکی درێژو دوورخایەن و تێکئالاّوو زەحمەتە، بە شەو و ڕۆژێك ئەنجام نادرێ، دەبی زەمینەسازی و ئامادەباشی و کاری بۆ بکرێ. پێش هەر شتێکی تر، پرۆسەی بەدەزگاییبوون لێکدانەوەو لێکۆڵینەوەی (سۆسیۆ سیاسی و ئابووری) پێویستە، خوێندنەوەیەکی قووڵی کۆمەڵگەی پێویستە، دەبی لەئاستی لێکۆڵەرەوەکانمان، پسپۆرو ئابووریناسیانی کوردو بیانی، پرۆژە بڕیارو وردەکاری باشی بۆ ئەنجام بدری.

کۆمەڵگەی کوردستان جیا لەگەڵ بەشی عەرەبی ئێراق، خاوەن تایبەتمەندی و بارودۆخی خۆیەتی، لەگەڵ ئەو ئازادی و حاڵەتە کراوەیەی خۆی، بێگومان دووچاری چەندین گرفت و کێشەو قەیرانی ئابووری – کۆمەڵایەتی بۆتەوە. یەکێك لە سیماو خەسڵەتی دامودەزگاو وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییەکانی وڵاتی ئێمە، جۆرێك لە تەمبەڵی و بێکاری و ناڕێکوپێکی پێوە دیارە. نەبوونی دیسپلین (هەست بە بەرپرسیارێتی نەکردن)، تێکەڵ و پێکەڵکردن وەکو هەر کۆمەڵگەیەکی تریش ڕێژەیەك لە گەندەڵی بەر کوردستان کەوتووە.

لە سەر شەقام و نێو بەڕێوەبەرایەتیەکان و لە بازار و هەر شوێنێکی تری کوردستان، هەس بە نەبوونی سیستەم و دیسیپلین هەیە، جۆرێك لە هەراو هۆریاو نارێکی بەچەستەدەکرێت و ناخۆشی و ناڕێکی لە کۆمەڵگادا درووست بووە.

لە وڵاتی ئێمەدا، حکومەت و ئەنجومەنی وەزیران و سەرجەم دامودەزگاکانی تر، لەئاستی خۆیاندا دەبێ بەشداربن لە کۆکردنەوەو سازدانی لێکۆڵینەوەو زانیاری لەسەر گرفتە جیاجیاکانی خۆیان، بەلاّم لەو ناوەشدا لەبەرئەوەی هەتاکو ئاستێك کۆمەڵگەی کوردستان کۆمەڵگەیەکی حزبییە، حزب ڕۆڵێکی گەورەی تێدا هەیەو حزب دەتوانی هاوکێشەکان بگۆڕێ دەبی هێزە سیاسییە سەرەکییەکانی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاّودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستانیش ڕۆڵ و بەشدارییەکی زۆریان هەبێ لەسەر مەسەلەی بەدەزگاییکردنی هەرێمی کوردستاندا، ئەوانیش بەهێمنی و بە ووردی کار بکەن لە سەر پڕۆسەی بە مووئەسەساتکردنی حیزبدا.
.

زۆر لە وەزارەتەکان دەترسن لە مەسەلەی بەدەزگاییبوونی هەرێمی کوردستان، چونکە بەشێوەیەك بەشێك لە دەسەلاتی وەزیرو بەرپرسەکان کەم دەبێتەوەو، پێیانوایە کە ئەگەر (دەزگا- موئەسەسە) دروست ببن، وەزارەت زەرەرمەند دەبێ و دەسەلاتیان لاواز دەبێ. چوونکە ئەلفوبێی بە دەزگاییبوون:/ دەبێت بڕوامان بە دیموکراسی هەبێت، هەروەها دەبێت ڕازیبیت کە دەسەلاتداران (وەزیر بەرپرسی دەزگاکان) بەشێك لە دەسەلات و هێز لەدەستدەدەن و دلگران نەبن، هەروەها دەبێت نەوەی کۆن گەنج و خەلکی بەتوانا ڕێکخەن – ئامادەیان بکەن و یارمەتی نەوەی نوی بدەن بۆ ئەوەی شوێن و کوورسی نەوەی کۆن بگرنەوە)
دەربارەی کاروباری دەزگاکانمان ئەوە بەپێچەوانەوە، کاروباری ناو وەزارەت ڕێکوپێك دەبێ و شێوازێکی مۆدێرن و شارستانی دێتە ناو کارکردنیان و جۆرێك لە پێشوەچوونی ئیداری - سیاسی و جڤاکی دروست دەبێ.
لە ڕاپرسییەکدا کە بەهاوکاری (پەیمانگەی کوردستان بۆ پرسە سیاسییەکان) کە لەسەر مالپەڕی پەیمانگەی ناوبراو (www.rojev.org) لە مانگەکانی ئەیلوول و تشرینی یەکەمی 2007 ئەنجام داوە، 84% دەنگدەرانی ئەم ڕاپرسیەمان لەسەر پرسەکە وەلامیان بە بەلی بووە، پرسیارەکە بەم شێوەیە کراوە:/
ئائا ئامادەیت کاربکەیت بۆ پڕۆسەی بە دەگایکردن؟
- بەلی 84%
نەخێر 8. 33%
نازانم 6. 94%
ی ئەو کەسانەی پرسیارەیان لێکراوە "ئایا ئامادەی هاوکار بیت بۆ پڕۆسەی بەدەزگاییکردنی هەرێمی کوردستان؟" وەلامی ئەرێیان هەبووە. ئەم ڕێژەیە نیشانەی ئەوەیە کە کۆمەلگەی کوردستان ئامادەباشی زۆر پۆزەتیڤییە بۆ مەسەلەی چاکسازی و بەدەزگاییکردنی دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان.
کۆمەلگای کوردستان گەنجن و کاردانەوەی باشی دەبێت ئەگەر نەوەی کۆن ئامادەباشی گۆڕانکاری هەبێت.
کۆمەلگەی کوردستان، کۆمەلگەیەکە کە حزب ڕۆلی گەورەی تێدا دەبینێ، لەبەرئەوە جگە لەوەی لە حکومەت کاری پێویست بکرێت و لە پەرلەمانی کوردستان دەبی لە گفتوگۆیەکی کراوەدا، مەسەلەی بەدەزگاییبوون کاری لەسەر بکرێ، دەبێ لەئاستی مەکتەبی سیاسی حزبە کوردستانییەکانیش کۆبوونەوەو بەرنامەڕێژی بۆ بکرێ.
بەدەزگاییکردن لەهەرێمی کوردستان پێش هەموو شتێك دیاردەی گەندەلی و تەمبەلی و بێکاری و ئەو فەوزاو بی سەرووبەریەی بازاڕو بەڕێوەبەرایەتییەکان چارەسەر دەکات. بەدەزگاییکردن وەکو یاساو دەستوورێکە بۆ ولات، هەموو مەسەلەو کاروبارو سەلاحەیەت و مافەکانمان بۆ ڕێکدەخات و، هاوکارو یاریدەدەری بڕیاردەری سیاسی و ئابووری دەبێ و، هەیبەت دەگەڕێنێتەوە بۆ دەولەت و حکومەت و یاسای ولات، لەهەمان کاتدا بەشێك لەدەسەلات و توانای بەرپرسان و وەزارەتەکان کەمتر دەکاتەوەو، چاودێرییان لەسەر دەبێ و تووشی لێپێچینەوە دەبن..

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 21:53 12-12-2007
لەبەرامبەر ئەمانەدا، پرسیارێکی گرنگ ئەوەیە، ئایا لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ئامادەگی هەیە دەسەڵات کەم بکرێتەوە؟ ئایا نەوەی کۆن رێگانیشاندەری نەوەی نوێن؟

پوختە و چەند پێشنیارێک /

کۆمەڵگای کوردستان، کۆمەڵگایەکی گەنج و دینامیکە، بەگشتی حەز لە گۆڕانکاری و چاکسازی دەکەن، بەڵام بەرپرسانی وڵات و نەوەی کۆن گەورەن لە تەمەن، لەوانەیە ئەستەم بێت قبووڵی لەدەستدانی دەسەڵات بکەن.. لێرەدا وەکوو ئەوروپا، دەبێت پێشکەوتنی ئابووری و جڤاکی ئاوا درووست بکەین لە کوردستان، وا لەنەوەی کۆن بکات رێگا خۆشکەر بێت بۆ نەوەی نوی.

بەدەزگاییبوون لەهەرێمدا شۆڕشێک و پرۆسەیەکی گەورەیەو تاکو ئێستا دەستی پێنەکردووە، بیرۆکەکەی لەگەڵ دروستبوونی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و دەستبەکاربوونی جەنابی سەرۆکی کوردستاندا خراوەتە سەر لاپەڕەی رۆژنامەو گۆڤارەکان و تاکو ئێستا لێکۆڵینەوەیەکی ئابووری لەسەر نەکراوە.

پێشنیاری لیژنەیەکی تایبەت دەکەین لە لایان سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانەوە، بەهاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی هەرێم و چەند ناوەند و کەسایەتی ئەکادێمی و پسپۆڕان، کار لەسەر پلاتفۆرمێك و هەماهەنگی بکرێت بۆ ئەوەی ئەو لیژنەیە کار بکات بۆ دۆزینەوەی ئالیەت و کاری پسپۆڕی گوونجاو لەسەر بە دەزگاییبوون لە حکومەت و حیزبدا.

بۆچوونێك هەیە کە گوایە لەبەرئەوەی لە کۆمەڵگای کوردستاندا، حیزبەکان باڵادەیتن، بۆیە پێشتر تۆپەکە بخرێتە ناو مەکتەی سیاسی حیزبەکان، بەڵام پێمان وابێت، بەپێچەوانەوە، باشتر و کاریگەرتر دەبێا ئەگەر حکومەت و سەرۆکایەتی هەرێم کار لەسەر بە دەزگاییکردن بکەن.

بەدەزگاییبوون پرۆسەیەکی دوورخایەنە و کات و کارێکی زۆری دەوی، ئەگەر ئەنجام بدری، چارەسەری دیاردەی گەندەڵی و بێکاری و کێشە سۆسیۆ ئابوورییەکان دەدۆزێتەوە.

پرۆسەکە زۆر ئەستەمە و کارێکی گەورەی دەوێت، زۆریش زەحمەت کوردستان دەکرێتە وڵاتێکی مووئەسەساتی، چوونکە گرفتی جیاجیای گەورە هەن، بەڵام دەبێت بە هێز و هیمەتێکی زۆر و بەجیدی کاری لەسەر بکەین، دەبێت سوود لە خەڵکانی بەتوانا و کەسایەتی ئەکادیمی ناوەوە و دەرەوەی وڵات ببینین.

پێمان وانیە وەرگرتنی مۆدێلی ئەوروپا و وڵاتانی پێشکەوتوو، هێندە باش بێت بۆ کوردستان، بەڵام نموونەی ئێران و تورکیا، باشترین مۆدێلن لەبەر ئەوەی گونجاوە بۆ کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

بەگشتی میللەت و سەرۆکایەتی کوردستان لەبەرامبەر قەدەرێك و تاقیکردنەوەی دروستبونی دەوڵەتدان، پرسیار ئەوەیە، ئایا دەتوانین دەوڵەت بەرێوەبەرین یان نا. ؟ لێرەشدا مەسەلەی چاکسازی و دەستپێکردنی پرۆسەی بەدەزگاییکردن وەکوو زەروورەتێکدا خۆیان دەنوێنن.

خەسرۆ پیربال
Pirbal@hotmail.com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.